ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی    مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢٩    No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١    Data:

# بڕیاری ژمارە (٢٩) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦) بڕگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی گەشەپێدانی سیستمی بەڕێوەبردن و خۆپارێزیی و تەندروستیی و سەلامەتیی پیشەیی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی جێبەجێکردنی پێداویستیی تەندروستیی و سەلامەتیی پیشەیی نێودەوڵەتیی بەپێی پێوانەی ستاندارد BSOH SAS 18001: 2007. بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستیی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی و پارێزگای سلێمانیدا.

٢. ئەم بڕیارە هەموو دامودەزگا حکومییەکان و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) دەگرێتەوە.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزيك پردی قلياسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176